شەرحی تصریفی زەنجانی

نوسراوی

ملا عبدالکریم مدرسی

مەدرەسەی

شیخ عبدالقادری گەیلانی

لە بەغدادا

چاپی یەکەم ١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م

چاپخانە الخنساء - بەغداد
ت - ٨٨٨٦٣٢٨

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلوة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه

اجمعين واتباعه باحسان الى يوم الدين :

لە پاش تقديمی سوپاس بو خودای پەروەردگار وە ناردنی

درود و سەلام بو حەزرەتی پێغەمبەری نازدار محمدی مختار صلى الله عليه وسلم

وە بو هەمو آل وە یارانی بە دەوامی روزگار :

عەرزم ئەوەیە مادام دینی ئیسلام دامەزراوە لەسەر قورئانی

پیروز وە حدیثەکانی پێغەمبەری دل سوز وە فامی ئەوانە

محتاجی علمی صەرفە پێویستە هەمو زانایێکی دین علمی صەرف

بزانی . وە لە بەر ئەوە وەکە متنی تصریفی مشهور بە (عزی)

لە تالیفاتی شیخ ابراهیم عزالدین ابو فضایلی زەنجانی متوفی

لە سالی شەش صد و پەنجاو پێنجی هجری دا رەحمەتی خودای لیبی

پڕ لە معناو جوان بو ئەوانم کردەوە بە زمانی نیشتمانی بو ئەوە

قوتابیەکانمان بە آسانی لە علمی صەرف بەهرەدار بین :

وە لەسەر واقعی حال ناوم نا بە (شرحی تصریف بو قوتابی شریف)

هیوام وە هایە کە ببی بە بناغەی زانایی بو هەمو قوتابیەکانمان

رۆلەی خوشەویست نوری چاوانم   مایەی پیروزی ژینی جیهانم

شەرحم کرد لە بوت مەتنی زەنجانی   بە زمانی شیرینی لانیشتمانی

هەتا بەو شەرحە ببی بە زانا   لە علمی صەرفا ببیتە تەوانا

ناوی واقعی (شەرحی تصریفە)   روناکی دلی رولەی شەریفە

لە پاش ئەم شەرحە ئەخوێنی وەرگرن   هەتا بە نوری علمە وە بمرن

ئائینی ئیمە دینی ئیسلامە   سەرچاوەی ئیسلام خیر الکلامە

قورئانە و حدیث بو خیر العباد   اجماعی ئومەو حوکمی اجتهاد

بەبی صەرفو نەحو دەس نادا بو کەس   فامی ئەساسی دینی مقدس

پاش ئەم علمانە ئیش بە باقی علوم   ئەبن بە زانای منطوق و مفهوم

مامی شارحتان عبد الکریمە   خادمی علمو دەرس و تعلیمە

گەلی طالبە بو علمو کەمال   بوخوی بو عالەم گەورە یا مندال

تکایە بە دل دوعا بکەن بوی   رجایە خودا راضی بی لێی

ماتن فەرموی   بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمین والصلوة والسلام علی سیدنا محمد والە وصحبە اجمعین

(اعلم) تو بزانە (ایها المتعلم) ئەی کەسی کە ئەتەوی فیری زانیاری بی

ان التصريف في اللغة التغيير كه لفظى تصريف له زمانى عه ره با
گوڕاندنه (وفى الصناعة) وه له عورفى ئه هلى علمى صه رفدا
(تحويل الاصل الواحد) به نقل كردنى ئه صلى واحد كه مصدره
الى امثلة مختلفة بولاى چه ن مثالى واكه جيان له يه كتر له
حه ره كا تو سه كه نا تا وه له زور و كه مى حروفى زيا ده دا وه
به كيكى له حروفى ئه صليه دا ئه و نه قل كردنه يش بوچيه
(لتحصيل معان مقصودة لا تحصل الا بها) بو په يدا كردنى چه ن
مه عنا ئيكى مه قسودى وايه كه په يدا نابن بومان به و مثالانه
نه بى . بووينه له و مثالانه يه فعلى ماضى وه كو ضَرَبَ
كه ضرباً مصدره و ئه صله بوى هه تا نقلى ضرباً نه كه ى بو ضَرَبَ
حاصل نابى بوتو مه عنانى له و مه عنايانه كه مقصودن وه كو
ليدانى كه سى له كه سى له زه مانى رابوردودا . وه له و مثالانه يه
فعلى مضارع وه كو يَضْرِبُ هه تا ضرباً نه كه ى به يَضْرِبُ بوتو
په يدا نابى مه عنانى له و معانيه مقصوده وه كو ليدانى كه سى له
كه سى ئيستا يا له كاتى دوائيدا وه له وانه يه فعلى ئه مر وه كو اِضْرِبْ
كه ضرباً مصده ريه تى :

هەتا ضربا ئەکەی بە اضرب بوت پەیدانابی مەعنانی لەوانەی
کە مقصودن وەکو ئەمرکردن بە لیدان وەلەو مثالانەیە
فعلی نەهی وەکو (لا تضرب) ضربا مصدرو ئەصلیەتی هەتا
ضربا ئەکەی بە لا تضرب بوت پەیدانابی مەعنانی لەو مەعنایانە
کە مەقصودن وەکو نەهی کردنی لە لیدان .
وەلەو مثالانەیە اسمی فاعل وەکو (ضارب) وەضربا مصدەریەتی
هەتا ضربا ئەکەی بە ضارب بوت پەیدانابی مەعنانی لەو مەعنایانە
کە مقصودن وەکو ناوی کەسی بی کە ئەدا لە کەسی وەلەو مثالانەیە
اسمی مفعول وەکو (مضروب) ضربا مصدەریەتی هەتا ضربا ئەکەی
بە مضروب بوت پەیدانابی مەعنانی لەو معنایانە کە مقصودن
وەکو ناوی کەسی بی لی ئەدری ؛ وەلەو مثالانەیە اسمی زەمان وە مەکان
وەکو (مَضرِب) وەضربا مصدەریەتی هەتا ضربا ئەکەی بە مضرب
بوت پەیدانابی مەعنانی لەو مەعنایانە کە مقصودن وەکو ناوی
ئەو کاتو شوینە کە لیدانی تیدا ئەکری وەلەو مثالانەیە اسمی
آلەتی عەمەل وەکو (مِضرَب) وەضربا مصدەریەتی هەتا ضربا

ئەکەی بە مِضْرَبْ پەیدانابێ بوتو مەعنایێ لە وەمەعنایانە

کە مقصودن وەکو آلەتی بێ کە لیدانی پێ ئەکری :

(شم) پاشی ئەوەکەزانیت لە زمانی عەرەبا گورانێنە وە

لە عورفی زانایانی علمی صەرفا گویزانەوەی مصدرە بو چەن

مثالی بزانە (اَلفعلُ) ئەوەی ناوی فعلە کە لفظیکە دەلالە

بکا لە سەرکردەوەلی وەکاتی ئەوکردەوە وەنسبەت دانی

بولای کەسی : (اِما ثلاثی) یا سەحەرفی یە وەکو نصر .

(وَاِما رباعیّ) یا چوار حەرفی یە وەکو دحرج (وکلّ واحدٍ منهما)

وەهەریەکی لە فعلی سەحەرفی وچوارحەرفی (اِما مجرّدٌ) یا رووتە

لە حروفی زیادە وەکو ئەو مثالانە ایستە وتمان (اَومزیدٌ فیه)

یا لە حروفی زیادەی تیا هەیە وەکو اَکرمَ وقاتَلَ (وکلّ واحدٍ

منهما) وەهەریەکی لە فعلی سەحەرفی وچوارحەرفی وەلە

مجرّد ومزید فیه (اِما سالمٌ اَوغیرُ سالمٍ) یا سالمە یا غیرە سالم

(وَنعنی بالسّالم) وەئیمە کە ئەهلی علمی صەرفین قصد ئەکەین

بە سالم (ما سلمت حروفه الأصلیّة الّتی تقابلُ بالفاءِ والعینِ واللام)

فعلیکی وەها کە خالی بێ حروفە ئەصلیەکانی کە ئەوانەن

بەران بەر ئەکرێن بەزڤ بوە عەین وە لامی فعل (من حروف

العِلّةِ والهمزةِ والتضعیفِ) لەحروفی علّە کە ئەلف وە

واو وە یەیە وەلە هەمزە وەلەدوقات کردنەوەی حەرف

جا مادام فعلی سالم ئەوەبێ کە خالی بێ لەمانە ئەبێ هەرفعلێ

کەیەکی لەوانەی تیابێ غەیرە سالم بێ وەکو قَالَ بَاعَ سَأَلَ

مَدَّ وَسْوَسَ کە ئەصلی قال قَوَلَ بوە وەئەصلی باع

بَیَعَ بوە وە ئەصلی مَدَّ بەگرتنی دالەکەی مَدَدَ بوە ..

جابزانن تەولی مصنف کە فەرموی (تقابل) اشارەیە بۆ

لای ئەوە کە ئەمثالی نصر وە ضرب وسأل پیان ئەلێن

(موزون) یانی هەلکیشراو وەحروفی فَعَل موزونٌ بە واتە

پیاهەلکیشراو وە پیشیان ئەوتری میزان وەعەقلی

انسانیش میزانە بەمەعنا ترازوی کیشانە وەانسانیش

(وازِنە) یانی دەست هەلکیشی یعنی انسانی صەرفی هەر

صیغەیێکی دەس کەوت لە ترازوی عەقلی خۆیا ئەی کیشی بە

حروفی (فعل) دا جا هەرحەرفی ئێکی فی فعل بوبێ ئەلی فاءالفعل

وە هەرحەرفی ئێکی عەینەکەی بوبێ ئەلی عین الفعل وە هەر

حەرفی ئێکی لامەکەی بێ ئەلی لام الفعل ''

(قاعدەیە) هەرحەرفی زیادبکری لەسەرحروفی اصلیەی موزونا

زیادئەکری لەسەرحروفی میزان : وەهەرحەرفی لابری لە

موزون لاشی ئەبری لەمیزان بو وینە ئەلی نَصَرَ لەسەر

وەزنی فَعَلَ وە یَنصُرُ لەسەر وەزنی یَفعُلُ وە قاضی لەسەر

وەزنی فاعلە وە (قاضٍ) بەحەزفی یە لەسەر وەزنی فاع ە

بە لابردنی لام الفعلەکەی :

وە ئەم قاعدەیە لە هەمو مشتقاتا دامەزراوە مەگەر لە

بازی فروعی بابی تفعّل وە تفاعَل وە انفعال دا لەوانا

لە موزونا حەرفی زیاد ئەکری وە لە میزانەکەیا زیاد ناکری

وە لە موزونا بازی حەرف لائەبری وە لە میزانا لانابری

وەکو لە شوێنی خویا حالی ئەبی لی ان شاء الله تعالی

بزانن ضمّە وزەمّە هەر دوبورن نصبەوفتحە هەردو سەرن

وەکسرە وجرّە هەردوو ژیرن وە جزمە و سکون هەردوو زەنن

وە (تنوین) لە تلفظدا نونێکی ساکنە لە پاش حەرەکەی

آخر حەرفی کلمە وە وە لە کتابەتا دوو بورە یا دوو سەرە

یا دوو ژیرە : جا مصنف رحمه الله لتفصیلی اقسامی فعلی را

فەرموی (اما الثلاثی المجرد) واتە بەشی فعلی سە حەرفی وا

کە روت بێ لە حروفی زیادە (فان کان ماضیه علی فعل مفتوح

العین) ئەگەر فعلە ماضیەکەی لە سەر وەزنی فعل بێ بە

فەتحەی عین الفعل (فمضارعه علی یفعل بضم العین او کسرها)

ئەوە فعلە مضارعەکەی لە سەر وەزنی یفعُل ئەبێ بە ضمەی

عین الفعل یا لە سەر وەزنی یفعِل ئەبێ بە کسرەی عین الفعل

جا مثالی فعلی ثلاثی مجردی وا کە ماضیەکەی لە سەر وەزنی فعل بێ

بە فتحەی عین الفعل وە مضارعەکەی لە سەر وەزنی یفعُل بێ

بە ضمەی عین الفعل (نحو قولک نَصَرَ یَنصُرُ نصراً) نصر فعلی

ماضیە ئەصلەکەی نصراً بو کە مصدرە عین الفعلەکەمان

مفتوح کرد وە تنوینەکە علامەتی مصدر بو لە آخرە. وە لامان بورد

بو بە نصر . ینصر فعلی مضارعە لە صلەکەی نَصَرَ بوکە
فعلی ماضیە بە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد لە
ئەوەلیەوە بە مفتوحی فاء الفعلەکەمان ساکن کرد
وە عین الفعلەکەمان مضموم کرد وە لام الفعلەکەمان
مرفوع کرد کەوا بە یَنصُرُ . وە ئەگەر مصدەری لە فعل
دروست بکەین ئەلێین نَصْراً مصدرە لەصلەکەی نَصَرَ بو
وە فعلی ماضی بو جا عین الفعلەکەمان ساکن کرد وە تنوین
علامەتی مصدری بو لاحق مان کرد بە آخرەکەیەوە بو بە نصراً
جا بزانە ئەم بابە بابی ئەوەلە وە قاعدەی بابی ئەوەل
ئەمەیە هەر فعلیکی ثلاثی مجرد ماضیەکەی لە سەر وەزنی فعَلَ
بە فتحەی عین الفعل وە مضارعەکەی لە سەر وەزنی یفعُلُ
بە ضمەی عین الفعل ئەوە لە بابی ئەوەلە وەکو دَخَلَ یَدْخُلُ
صان یصونُ غزا یغزُو مَدَّ یَمُدُّ باءَ یَبُوءُ :
(وضرب یضرب) عطفە لە سەر قەولی مصنف کە فەرموی
نصر ینصر بابی مثالی فعلی ثلاثی مجردی واکە ماضیەکەی لە سەر

وەزنی فَعَلَ بێ بە فەتحەی عەینِ الفعل وە مضارعەکەی

لەسەر وەزنی یَفعِلُ بێ بە کەسرەی عینِ الفعل ئەوە دەکو

قەولی تۆیە کە ئەلیت ضَرَبَ یَضرِبُ ضَرباً . ضَرَبَ فعلِ

ماضیە ئەصلەکەی ضَرباً بو عینِ الفعلەکەمان مفتوح

کرد وە تنوینَ کە علامەتی مصدر بو لە آخرەکەیەوە

لامان برد بو بە ضَرَبَ . یَضرِبُ فعلی مُضارِعە وە

اصلەکەی ضَرَبَ بو یە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد

لە ئەوەلیەوە وە فاء الفعلەکەمان ساکن کر وە عین

الفعلەکەمان مکسورکرد وە لام الفعلەکەمان مرفوع کرد :.

گەڕا بە یَضرِبُ وە ئەگەر مصدەرەکەشی لە فعلی ماضی

دروست بکەین ئەلێین ئەصلی ضَرباً ضَرَبَ بو عین الفعلەکەمان

ساکن کرد وە تنوین علامەتی مصدر بو لاحقمان کرد بە

آخرەکەیەوە گەرا بە ضَرباً :

جا ئەلێین ئەم بابە بابی ثانیە وە قاعدەی بابی ثانی ئەوەیە

هەرفعلی ثلاثی مجرد بێ وە ماضیەکەی لەسەر وەزنی ... لی بە فتحەی

عين الفعل وە مضارعە کە لە سەر وەزنی یفعل بێ بە کسرەی

عین الفعل ئەوە لە بابی ثانیە وەکو عرَف یعرِف باعَ یَبیعُ

رَمی یَرمی جاءَ یَجیئُ ..

(وقد یجیئ مضارعه علی یفعل بفتح العین) کەمێ جار

مضارعی فعلەی مفتوح العین لە سەر وەزنی یفعل ئەبێ

بە فتحەی عین الفعل (اذا کان عینه او لامه حرفا من

حروف الحلق) لە کاتێ کا عین الفعلەکەی یا لام الفعلەکەی

حەرفێ بێ لە حروفی حلق واتە ئەو حەرفانە لە گەروو دێنە

دەرەوە (وهی ستة) ئەو حەرفانەیش شەش حەرفن

(الهمزة والهاء والعین والحاء والغین والخاء) هەمزەو

هێ عین وحێ غین وخێ(۱) جا مثالی فعلی ثلاثی مجرّدی غیرە سالم

ماضیەکەی لە سەر وەزنی فَعَل بێ بە فتحەی عین الفعل

وە مضارعەکەی لە سەر وەزنی یفعل بێ بە فتحەی عین الفعل

وە عین الفعلەکەی حەرفێ بێ لە حروفی حلق (کو سَأَلَ یسأَلُ سأَلا

سأل فعلی ماضیە ئەصلەکەی سألا بو عین الفعلەکە مان مفتوح کرد

(۱) ئەم شعرە مەشهورە حرف حلقی شش بود ای نور عین هاو همزه حاو خاو عین غین

وه تنوين علامه‌تی مصده‌ر بو له آخریه‌وه لاماڹ برد بوبه سأل

يَسْأَلُ فعلی مضارعه ئه‌صله‌که‌ی سَأَلَ بو يه حه‌رفی مضارع

بو له ئه‌وله‌وه زیادمان کرد به مفتوحی وه فاء الفعله‌که‌مان

ساکن کرد وه لام الفعله‌که‌مان مرفوع کرد بوبه یَسْأَلُ ..

وه ئه‌گه‌ر مصده‌ره‌که‌یش له فعلی ماضی دروست بکه‌ین ئه‌لبین

سُؤالاً مصده‌ره وه ئه‌صله‌که‌ی سَأَلَ بو عين الفعله‌که‌مان

ساکن کرد وه تنوين علامه‌تی مصده‌ر بو لاحق مان کرد به آخریه‌وه

گه‌را به سُؤالاً :

(ومنع یمنع) عطفه له‌سه‌ر قه‌ولی مصنف که‌ فه‌رموی

سأل يسأل یانی شالی فعلی ثلاثی مجردی سالم که ماضیه‌که‌ی له‌سه‌ر

وه‌زنی فَعَلَ بی به فتحه‌ی عين الفعل وه مضارعه‌که‌ی له‌سه‌ر

وه‌زنی یفعَل بی به فتحه‌ی عين وه لام الفعله‌که‌ی حه‌رفی لێ

له حروفی حلق وه‌کو مَنَعَ يَمْنَعُ مَنْعًا . مَنَعَ فعلی ماضیه وه

ئه‌صله‌که‌ی منعا بو عين الفعله‌که‌مان مفتوح کرد وه تنوين

علامه‌تی مصده‌ر بو لاماڹ برد له آخریه‌وه بوبه مَنَعَ :

يَمنع فعلى مضارعه ئه صله كه ى منع بو يه حه رفى مضارع بو

زياد مان كرد له ئه وه ليه وه يه مفتوحى وه لام الفعله كه مان

مرفوع كرد گه را به يمنع . وه ئه گه ر مصدره ره كه يشى له فعل

ماضى دروست بكه ين ئه ليين مَنْعًا مصدره ئه صله كه ى

مَنَعَ بو عين الفعله كه مان ساكن كرد وه تنوين علامه تى

مصدر بو لاحق مان كرد يه آخره كه يه وه گه را به مَنْعًا

جا ئه م بابه بابى ثالثه وه مشهوره به بابى (به شه رت)

وه قاعده ى بابى ثالث وايه هه ر فعلى ثلاثى مجردى ماضيه كه ى

له سه ر وه زنى فعل بى وه مضارعه كه ى له سه ر وه زنى

يفعل بى به فتحه ى عين الفعل له ماضى و مضارعا وه عين

الفعلى يا لام الفعلى حه رفى لى له حروفى حلق ئه وه له بابى

ثالثه وه كو جعل يجعل و قطع يقطع و دَرَأَ يَدْرَأُ :

جا له به رئه وه ئه م شوينه ئه وه يه يه كى ره خنه بگرى

وه بلى ئه ى مصنف تو بريارت دا كاتى مضارعى فعلى مفتوح

العين له سه ر وه زنى يفعل ئه بى به فتحه ى عين الفعل به شه رتى

که عين الفعل يا لام الفعلى حه رفى بى له حروفى حلق كه چى
مضارعه ى ئه م قسه ى تو ئه كا هاتى (أبى يأبى) به فتحه ى
عين له ماضى و مضارعا مع انه نه عين الفعلى وه نه لام الفعل
له حروفى حلق نيه مصنف بو ده فعى ئه و ئه زه ضنه فه رمووى
(وأبى يأبى شاذ) هاتنى ماضى ومضارعى أبى يأبى به فتحه ى
عين الفعل به بى شه رته كه ى شاذه و ده رچووه له قاعده
وه قاعده و قانونى نقليات به شتى شاذ تيك ناچى چونكى
قانونى نقليات له سه ر تماشاى غالبه :
جا ئه گه ر كه سى بليت چلون أبى يأبى دائه نى به شاذ وه غيره قياسى
مع انه له قورئانى پيروزا هاتوه (وَيَأبَى اللهُ إِلاَّ أَنْ يُتِمَّ نُورَه)
وه هه رچى له قورئان دابى پيويسته قياسى بى له جوابيا ئه لين
هاتنى أبى يأبى له قورئانا مانع نيه له وه كه شاذ بى له به ر
ئه وه شاذ سه به شه يه كه م ئه وه يه كه مخالفى قياسه
به لام موافقى ئيستعماله وه كو أبى يأبى دووه م مخالفى ئيستعماله
به لام موافقى قياسه وه كو داخل بونى كاف له سه ر ضمير

وەکو (دَکْهُوَ) وە (دَکِهِیَ) ئەمانە سەرەھەم مخالفی قیاس و ئیستعماله

وەکو داخل بوونی ئەلف لام لەسەر فعلی مضارع وەکو

اَلْیَتَجَدَّعُ وَاَلْیَتَقَطَّعُ جا بەشی یەکەمو دووەم مقبولن

وە فصیحن وە بەشی سەرەھەم مردوودە وغیرە فصیح

وە ألبی یأبی لە مقبولەکانە و فصیحە :

(وإن کانَ ماضیهِ علی فَعِلَ بکسر العین فمضارِعُهُ

علی یَفْعَلُ بفتح العَین) یانی ئەگەر ماضی فعلی

ثلاثی مجرد لەسەر وەزنی فَعِلَ بو بە کسرەی عین الفعل

ئەوە مضارعەکەی لەسەر وەزنی یَفْعَلُ ئەبی بە

فتحەی عین الفعل . جا مثالی فعلی ثلاثی مجردی سالم

ماضیەکەی لەسەر وەزنی فَعِلَ بی بە کسرەی عین الفعل

وە مضارعەکەی لەسەر وەزنی یَفْعَلُ بی بە فتحەی عین

الفعل (نحو عَلِمَ یَعْلَمُ عِلْماً) عَلِمَ فعلی ماضیە ئەصلەکەی

عِلْماً بو . مصدر بو فاءُ الفعلەکەمان مفتوح کرد وە

عین الفعلەکەمان مکسور کرد وە تنوین علامەتی مصدر بو

لەآخریەوەلادان برد گەڕا بەعَلِم . یَعْلَمُ فعلی مضارعە ئەصلەکەی
عَلِمَ بو یە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد لەئەوەلیەوە بە
مفتوحی فاءالفعلەکەمان ساکن کرد وە عین الفعلەکەمان
مفتوح کرد وەلام الفعلەکەمان مرفوع کرد گەڕا بە یَعْلَمُ
وە ئەگەر مصدەر لەفعل دروست بکەین ئەلیین عِلماً مصدەرێ
ئەصلەکەی عَلِمَ بو فاءالفعلەکەمان مکسورکرد وەعین الفعلەکەمان
ساکن کرد وەتنوین علامەتی مصدر بو لاحق مان کرد بەآخریەوە
گەڕا بە عِلماً : جا ئەم بابە بابی رابعە وەقاعدەی بابی
رابع وایە هەرفعلی ثلاثی مجرد بێ ماضیەکەی لەسەر وەزنی
فَعِلَ بێ بەکسرەی عین الفعل وەمضارعەکەی لەسەر وەزنی
یَفْعَلُ بێ بەفتحەی عین الفعل ئەوە لەبابی رابعە وەکو
شهد یشهد وَشرب یشرب وحمد یحمد واَمثالهما

الا ماشذ مِن نحو حَسِبَ یَحسِبُ واَخواته واتە هەرفعلێ
ماضیەکەی لەسەر وەزنی فَعِلَ بێ بەکسرەی عین الفعل ئەوێ
مضارعەکەی لەسەر وەزنی یَفعَلُ ئە بێ بەفتحەی عین الفعل

ئێستا بازی فعلی وا ئەبێ کە دەرچون لە قاعدەو یاسا ئەوانە

ماضیە کە یان لە سەر وەزنی فعِل یە بە کسرەی عین الفعل

مضارعە کە یان لەسەر وەزنی یفعَل ئیە بە فتحەی عین الفعل

بەڵکو لەسەر وەزنی یفعِل ئەبێ بە کسرەی عین الفعل وەکو

حَسِبَ یَحسِبُ وەها و وێنەکانی حَسِبَ فعلی ماضیە وە

ئەصلەکەی حِسبًا بو فاء الفعل مان مفتوح کرد وە عین

الفعل مان مکسور کرد وە تنوین علامەتی مصدر بو لامان برد

لە آخرەکەیەوە گەرا بە حَسِبَ . یَحسِبُ فعلی مضارعە ئەصلەکەی

حسب بو یە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد لە ئەوەلیەوە

بە مفتوحی وە فاء الفعلەکەمان ساکن کرد وە لام الفعلەکەمان

مرفوع کرد بو بە یَحسِبُ وە ئەگەر مصدەرەکەی لە فعل

دروست بکەین ئەڵێین حسبًا مصدەرە ئەصلەکەی حسب بو

فاء الفعلەکەمان مکسور کرد وە عین الفعلەکەمان ساکن کرد

وە تنوین علامەتی مصدەر بو لاحق مان کرد بە آخریەوە گەرا

بە حِسبًا . بزانین ئەم بابە بابی خامسە وە قاعدەی بابی

خامس وایە هەر فعلیکی ثلاثی مجرد کە ماضیە کەی لەسەر وەزنی
فعِل بی بە کسرەی عین الفعل وە مضارعە کەیشی لەسەر وەزنی
یفعِل بی بە کسرەی عەینە وە لە بابی خامسە وەکو نعِم ینعِم
و ورِث یرِث وە وثِق یثِق وە ومِق یمِق وە ویتر
ئەمانە . ئەگەر یەکی پرسیار بکا بلیت مصنف لە مەتنەکەدا
ئەم بابەی بە شاذ دانا وە شاذ خارجە لە قاعدە ئیستە توچون
ئەم بابە ئەکەی بە بابی خامس وە قاعدەکەی بە یان ئەکەی
لە وەلامیا ئەلین رەخنەکەت معقولە وە هەر لەسەر ئەو
رەخنە ئە مثالی حسب یحسب ئەکراوە بە بابی وە ثلاثی مجرد یان
هەمو بە پینج باب ژماردوە بەلام ئیمە لەسەر ئیستعمال
ئەروین وە تماشا ئەکەین دەرزنی فعِل یفعِل بە کسرەی عەین
لە معتل الفاء دا زورە ئەوانەمان لەگەل غیرە معتلەکانا
اعتبار کرد وە کردمان بە بابی خامس لەبەر زوری استعمالیان

(وان کان ماضیه علی وزن فعُل بضم العین فمضارعه علی یفعُل
بضمها) وە ئەگەر ماضی فعلی ثلاثی مجرد لەسەر وەزنی فعل مضموم العینی

ئه وه مضارعه كه ليشى له سه ر وه زنى يفعل ئه بى به ضمه ى عه ين
مثالى فعلى ثلاثى مجردى وه ها ماضيه كه ى له سه ر وه زنى فَعُلَ بى
به ضمه ى عه ين وه مضارعه كه ليشى له سه ر وه زنى يفعل لى
به ضمه ى عين الفعل (نحو حَسُنَ يَحْسُنُ حُسْنًا . حَسُنَ فعلى
ماضيه ئه صله كه ى حُسْنًا بو فاء الفعله كه مان مفتوح كرد
وه عين الفعله كه مان مضموم كرد وه تنوين علامتى مصدره ركه
لامان برد له آخريه وه بو به حَسُنَ : يَحْسُنُ فعلى مضارعه
ئه صله كه ى حَسُنَ بو يه حه رفى مضارع بو له ئه وليه وه
زيادمان كرد به مفتوحى وه فاء الفعله كه مان ساكن كرد وه لام
الفعلمان مرفوع كرد بو به يَحْسُنُ وه ئه گه ر مصدره ره كه لشى
له فعل دروست بكه ين له لين حُسْنًا مصدره ئه صله كه ى
حَسُنَ بو فاء الفعله كه مان مضموم كرد وه عين الفعله كه مان
ساكن كرد وه تنوين علامتى مصدرى بو لاحق مان كرد به آخريه وه
گه را به حُسْنًا ئه م بابه بابى سادسه وه قاعده كه ى ئه مه يه
هه ر فعلى ثلاثى مجردى وه ماضيه كه ى له سه ر وه زنى فعل بى به ضمه ى عين

وە مضارعەکەیشی مضموم العین بێ ئەوە لە بابی سادسە وەکو

شَرُفَ یَشْرُفُ وکَرُمَ یَکْرُمُ وعَظُمَ یَعْظُمُ :

بیداربێ اعتباری ئەصلی واحد بە مصدەر وە دروست کردنی

افعال وە مشتقاتی تر لە مصدرە بالذات یا بالواسطە مەزهەبی

بعضی لە زانایانی علمی صەرفە . وە بازی تریان لەسەر ئەوەن

کە فعل ئەصلە وە مصدەر لە فعل دروست ئەکرێ وەکو لە کاتی

بەیانی بابەکانا دەربان ئەبرێ :

جا لە کاتێ کا مصنف ئەجاتی لە باسی فعلی ثلاثی مجرد دەستی کرد

ئە باسی رباعی مجرد وە فەرموی (واما الرُّباعِیُّ المُجَرَّدُ فَهُوَ فَعْلَلَ)

یانی لە هەرشوێنیک فعلیکی چوارحەرفی وەروت لە زیادەبێ

ئەوە ماضیەکەی لەسەر وەزنی فعلل بە فتحەی فاء الفعل

وە سکونی عین الفعل وە فتحەی هەردو لام الفعلەکانی نحو

دَحْرَجَ یُدَحْرِجُ دَحْرَجَةً ودِحْرَاجًا . دَحْرَجَ فعلی ماضی

رباعی مجردە ئەصلەکەی (دحرجةً) بو تێ وتنوین علامەت

مصدەر بو لە آخریە وە لامان برد گەرا بە دَحْرَجَ ....

يُدَحرِجُ فعلی مضارعە ئەصلەکەی دحرج بو یە حەرفی مضارع بو
زیادمان کرد لە ئەوەڵیە وە بە مضمومی لام الفعلی ئەوەڵمان مکسور
کرد وە لام الفعل روەمان مرفوع کرد بو بە یُدَحرِجُ ..

دَحرَجَة مصدەری یەکەمە ئەصلەکەی دحرج بو تی وتنوینیا
علامەتی مصدەر بو زیادمان کرد لە آخریەوە گەرا بە دَحرَجَة
دِحراجًا مصدەری دوهەمە ئەصلەکەی دحرج بو ئەلفیکمان
زیاد کرد لە بەینی حەرفی لام الفعلەکەیا وە تنوینمان الحاق کرد بە
آخریەوە گەرا بە دَحراجًا جالەبەر ئەوە التباسی بو بەبارێ
لە أسمای طیور وەکو غَرغَال وە قَهقار فاء الفعلەکەمان
مکسور کرد گەرا بە دِحراجًا . ئەم بابە بابی فَعلَلَ یە وەقاعدە
ئەم بابە ئەمەیە حەرفی رباعی مجردی ماضیەکەی لە سەر
وەزنی فَعلَلَ وە مضارعەکەی لە سەر وەزنی یُفَعلِلُ بێ
ئەوە لەم بابە یە . وەکو زَلزَل یُزَلزِل وە وسوس یوسوس
وە قَشعَرَ یُقَشعِرُ :

جالەکانی کە مصنف رزگار بو لە باسی فعلی ثلاثی مجرد و رباعی مجرد

دەستی کرد بە باسی ثلاثی مزید فیه وە فەرموی (واما الثلاثی

المزید فیه فهو علی ثلثة اقسام) واتە هەرفعلی کە سە

حەرفی بێ وە بازێ حەرفی لێ زیاد کرابێ ئەوە لەسەر سە

قسمە (الاول ما کان ماضیه علی اربعة احرف) قسمی ئەوەل

لە سە قسمەی ثلاثی مزید فیه فعلیکە ماضیەکەی لە سەر چوار

حەرف بێ بە زیادەی یەک حەرف جائەو حەرفە زیادە

لە سەرگەران بە ناو رباعیاتی عەرەبیەدا یا هەمزەی‌ئیکە

قطعی مفتوحەیە وەکا أَفْعَلَ وەکو مەوزون بە أَفْعَلَ بە زیادە

هەمزەی قطعی مفتوحە لە ئەوەلیەوە نحو أَكْرَمَ يُكْرِمُ إِكْرَاماً

أَكْرَمَ فعلی ماضیە لە صلەکەی كَرُمَ بو وەکو حَسُنَ هاتیت

لە ئەولیەوە بە هەمزەی قطعی مفتوحە وە فاء الفعلەکەمان

ساکن کرد وە عین الفعلەکەمان مفتوح کرد گەرا بە أَكْرَمَ

يُكْرِمُ فعلی مضارعە لە صلەکەی أَكْرَمَ بو یە حەرفی مضارع

بو لە ئەوەلیەوە زیاد مان کرد بە مضمومی وە عین الفعلەکەمان

مکسور کرد وە لام الفعلەکەمان مرفوع کرد گەرا بە يُكْرِمُ

جا له به ر ئه وه له صیغه ی متکلم وحده دا دو همزه گرد

ئه بونه وه وه ئه مه یش گرانه له سه ر زمان هاتین حذفی

همزه ی ماضیه که یان کرد له به ر تخفیف له صیغه ی متکلم دا

وه له باقی صیغه کانی مضارعا (طرد اللباب) وات

بو هاوشیوه ئی صیغه کان گه را به یکدم .

اکراما مصدره مشتقه له اکرم هاتیه به ئه لفی له بین

عین الفعل وه لام الفعله که یا وه تنوینیان الحاق کرد

به آخریه وه گه را به اکراما جا التباسی بو به صیغه ی

جمعه وه وه کو اقبال وادبار به فتحه ی همزه له به ر ئه وه

همزه که یان مکسور کرد گه را به إکراماً .

ئه م با به بابی افعاله قاعده ی بابی افعال ئه مه یه هه

فعلی ثلاثی مزید فیه بی وه ماضیه که ی له سه ر وه زنی افعل

وه مضارع له سه ر وه زنی یُفعل ئه وه له و بابه یه

وه کو الهم یلهم اَصلح یُصلح اَرشد یُرشد وامثالها

و فعل عطفه له سه ر قه ولی مصنف که فه رموی اَفعلَ یانی

یانی یا نە و فعلە ثلاثی مزیدفیە یە کە ماضیە کەی لەسەر چوار
حرفە ونیتەجی بە تکرار کردنە وەی عین الفعلەکەی وەکو ئەو
ثلاثی مزیدفیە یانە یە کە بە تضعیف عین بوون بە مزیدفیە ..
جا مثالی فعلی ثلاثی مزیدفیە کە ماضیەکەی لەسەر چوار حرف
وە عین الفعلەکەی تکرار بوبێتە وەکو فَرَّحَ یُفَرِّحُ تفریحاً)
فَرَّحَ فعلی ماضیە لە صلەکەی فَرِحَ بو لەسەر وەزنی علم عین
الفعلەکەمان مفتوح ومکرر کرد بو بە فَرَّحَ اجتماع المثلین هاتە
جی وە اجتماع المثلین لە زمانی عەرەبا گران بو هاتین حەرفی
حەرەکەی مثلی ئەوەلمان کرد وە دەغم کرا لەمثلی ثانی دا
بو بە فَرَّحَ یُفَرِّحُ فعلی مضارعە مشتقە لە فَرَّحَ
یە حەرفی مضارع بە زیادمان کرد لە ئەوەلیە وە بە مضموی
وە عین الفعلەکەمان مکسور کرد وە لام الفعلەکەمان مرفوع کرد
گەڕا بە یُفَرِّحُ تَفْرِیحاً مصدەرە مشتقە لە فَرَّحَ
هاتین لە ئەوەلیە وە بە تی زائدەی مفتوحە وە فای الفعلەکەمان
ساکن کرد وە فەکی ادغامی عین الفعلەکەمان کردەوە وە زێنی ئەوەلمان

مكسور كرد وه‌زنی ثانیمان قلب كرد به یه‌ی ساكنه وه تنوین

كه‌ عه‌لامه‌تی مصده‌ره‌ بو الحاقمان كرد به آخریه‌وه گه‌رابه تفریجاً

ئه‌م بابه‌ ره‌ بابی تفعیله قاعده‌ی بابی تفعیل ئه‌وه‌یه‌ به هه‌ر

فعلی كه ثلاثی مزید فیه‌ بی ماضیه‌كه‌ی چوار حه‌رف وه له‌سه‌

وه‌زنی فعل بی به فتحه‌ و تشدیدی عه‌ینی الفعل ئه‌وه له‌ بابی

تفعیله وه‌كو عَلَّمَ یعلّم تعلیما وكَرَّمَ یُكَرِّمُ تكریماً وسَلَّمَ یسلّم تسلیماً

وفاعل عطفه له‌سه‌ر قه‌ولی مصنف كه‌ فه‌رمووی فَعَّلَ داته‌ ئه‌و

ثلاثی مزید فیهیه كه ماضیه‌كه‌ی له‌سه‌ر چوار حه‌رفه یا په‌یدا ئه‌بی به‌ زیاده‌ی

ئه‌لفی له‌ بێنی فاء الفعل وه‌ عین الفعله‌كه‌یا وه‌كو ئه‌و فعله ماضیانه

كه له‌سه‌ر وه‌زنی فاعل به‌كار دێن نحو قاتَلَ یُقاتِلُ مُقاتَلَةً ...

قاتل فعلی ماضیه ئه‌صله‌كه‌ی قتل بو وه‌كو نصر هاتین به‌ ئه‌لفی له

بێنی فاء الفعل وه عین الفعله‌كه‌یا بو به قاتل . یقاتل فعل

مضارعه ئه‌صله‌كه‌ی قاتل بو یه حه‌رفی مضارع بو زیادمان كرد

له‌ ئه‌وه‌ لیه‌وه‌ به‌ مضموی وه‌ عین الفعله‌كه‌مان مكسور كرد وه

لام الفعله‌كه‌مان مرفوع كرد گه‌وا به یُقاتِلُ . مُقاتَلَةً مصدره

ده ئه‌صله كه‌ى قائل بو هاتين له ئه‌وه ليه وه به ميميكى مضمومه

وه تى و تنوين علامه‌تى مصدر بو الحاقيان كرد به آخريه وه گه‌را به مقاتلة

و قيتالا مصدره‌رى دووهه‌مه . ئه‌صله كه‌ى قائل بو فاء الفعل‌يان

مكسور كرد وه ئه‌لفى ساكن وه ما قبل مكسوريان قه‌لب كرد به يه

ده هاتين به ئه‌لفى له به‌ينى عين الفعل وه لام الفعل كه‌يا وه تنوين

علامه‌تى مصدره‌ر بو الحاق يان كرد به آخريه وه گه‌را به قيتالاً

ده دروسته قه‌لبى يه بكه‌ى به تى وه تى له تى دا دوغم بكه‌ى ده

بلييت قِتّالاً به كسره‌ى فاء الفعل وه تشديد و فتحه‌ى عين الفعل

ده دروسته حه‌زفى يه كه له وو دوو تى بكه‌ى بو تخفيف وه بلى قِتالاً

ئه‌م بابه بابى مفاعله يه وه قاعده‌ى بابى مفاعله ئه‌مه‌يه

هه‌ر فعليكى ثلاثى مزيد فيه ماضيه كه‌ى چوار حه‌رفى وه له سه‌ر وه‌زنى

فاعَلَ بى ئه‌وه له بابى مفاعله يه نحو ناصَرَ يناصِرُ مناصَرَةً

ونيصاراً ونِصّاراً ونِصاراً : وه هاو وينه‌ى ئه‌مانه ...

(والثانى ما كان ماضيه على خمسة أحرف) وه قسمى دووهه‌م له سه

قسمه‌ى ثلاثى مزيد فيه ئه‌وه يه كه ماضيه كه‌ى له سه‌ر پينج حه‌رفى

سه حه‌رفیان ئه‌صلی وه‌ دویان زیاده‌ بێ (فإمّا أوّلها)

جا ئه‌م قسمی دووهه‌مه‌ یا له‌ ئه‌وه‌لیه‌ تی زائده‌ی مفتوحه‌ یه‌

(مثل تفعّل) وه‌کو تفعّل مثالی فعلی ثلاثی مزید فیه‌ که‌ وا

ماضیه‌که‌ی له‌سه‌ر پێنج حه‌رف بێ وه‌ له‌ ئه‌وه‌لیه‌ وه‌ تی

زائده‌ی مفتوحه‌ بێ وه‌ له‌سه‌ر وه‌زنی تفعّل بێ به‌ فتحه‌ی

تی و فی و عه‌ینی مشدده‌وه‌ (نحو تَكَسَّرَ يَتَكَسَّرُ تَكَسُّراً) تکسّر

فعلی ماضیه‌ ئه‌صله‌که‌ی کَسَرَ بو وه‌کو نَصَرَ هاتی له‌ ئه‌وه‌ له‌وه‌

به‌ تی زائده‌ی مفتوحه‌ و عین الفعله‌که‌مان مکرر کرد جا

له‌ به‌ر ده‌فعی اجتماع المثلین حذفی حه‌ره‌که‌ی سینی ئه‌وه‌لمان

کرد وه‌ ده‌غمان کرد له‌ سینی ثانیا گه‌ڕا به‌ تَكَسَّرَ ..

یتکسّر فعلی مضارعه‌ ئه‌صله‌که‌ی تکسّر بو یه‌ حه‌رفی مضارع

بو له‌ ئه‌وه‌له‌وه‌ زیاد مان کرد به‌ مفتوحی وه‌ لام الفعله‌که‌مان

مرفوع کرد گه‌ڕا به‌ يَتَكَسَّرُ . تَكَسُّراً مصدره‌ ئه‌صله‌که‌ی

تَكَسَّرَ بو عین الفعله‌که‌مان مضموم کرد وه‌ تنوینی علامه‌تی مصده‌ری بو

الحاقمان کرد به‌ آخریه‌وه‌ گه‌ڕا به‌ تَكَسُّراً ، جا ئه‌م بابه‌ بابی تَفَعُّله

وە قاعدەی بابی تفعل لەمە یە هەر فعلی ثلاثی مزید فیە بی وە

ماضیە کەی لە سەر پێنج حەرف بێ وە لە ئەوەلیە وە تێ

زائدەی مفتوحە بێ وە لە سەر وەزنی تفعل یتفعل بێ ئەوە

لە بابی تفعلە وەکو تکرم یتکرم تکرما وتعلم یتعلم تعلما

بزانن بۆ ئەم بابی تفعلە قاعدەیێ هە یە وە قاعدەکە ئەمە یە

هەر وەختێ فاء الفعلەکەی حەرفێ بێ لە پانگزە حەرفەی

مشهور بە (حروفی بیت) کە عبارەتن لە هەمزە وتێ وثێ

دال وە ذال و زێ سین وشین صاد وضاد طاء وظاء واو

یە ئەوە دروستە قەلبی تێ زائدە کە بکەی بە مثلی فاء الفعلەکەی

نحو اطّهر یطّهر اطّهرا. ئەصلی اطّهر طهر بو وەکو

حسن هاتی لە ئەوەلیە وە بە تێ زائدەی مفتوحە وە عین

الفعلەکەمان مضعف وە مکرر کرد گەڕا بە تطهر جا

لە بەر دفعی اجتماع المثلین حرفی حەرەکەی مثلی ئەوەل

کرد وە دەغمان کرد لە مثلی ثانی دا گەڕا بە تطهر جا لە بەر

ئەوەکە فاء الفعلەکەی حەرفی بو لە حروفی بیت قلبی تێ

زائده‌كه‌مان كرد به وینه فاء الفعله‌كه‌ی گه‌ڕا به طَطَهَّر

جا له به‌ر ره‌فعی اجتماع المثلین حذفی حه‌ره‌كه‌ی طی ئه‌وه‌لمان

كرد وه ده‌غممان كرد له طی ثانی دا ئه‌م جار إبتداء به ساكن

په‌یدا بو وه ابتداء به ساكینیش زه‌حمه‌ته هاتین بو رفعی

ابتداء به ساكن هه‌مزه‌ی وه‌صلی مه‌كسوره‌مان له ئه‌وه‌ڵیه‌وه

زیاد كرد گه‌ڕا به إِطَّهَّرَ :

يَطَّهَّرُ فعل مضارعه ئه‌صله‌كه‌ی إطَّهَّر بو یه حه‌رفی مضارع

بو له ئه‌وه‌له‌وه زیادمان كرد به مفتوحی وه لام الفعلمان

مرفوع كرد گه‌ڕا به يَطَّهَّرُ :

إطَّهُّراً مصده‌ره ئه‌صله‌كه‌ی إطَّهَّر بو عین الفعله‌كه‌مان

مضموم كرد وه تنوین علامه‌تی مصدر بو الحاقمان كرد به‌آخریه‌وه

گه‌ڕا به إطَّهُّرا مثالی موزون اطَّهَّر یطَّهَّر وه مثالی

میزان تفعّل یتفعّل یانی ئه‌وطی گه‌وره كه له موزونه‌كه‌دا

له باتی تی بچوك هیناوه له میزانه‌كه‌دا به نفسی مبدل منه

كه تی بچوكه‌كه‌یه تعبیر ئه‌دریته‌وه یا بزانی ئه‌وطی له باتی

تی بچوك هیناوه :

و تفاعل عه تفه له سه ر قه ولی مصنف که فه رموی تفعّل

مثالی فعلی ثلاثی مزید فیه ماضیه که ی پێنج حه رفی بێ وه له...

ئه وه لیه وه تی زائده ی مفتوحه بێ وه له سه ر وه زنی

تفاعل بێ (نحو تباعد یتباعد تباعدًا) تباعد فعل ماضیه

ئه صله که ی بَعُدَ بو وه کو حسُن هاتێن له ئه وه لیه وه به تی

زائده ی مفتوحه وه به ئه لفی له به ینی فاء الفعل وه عین

الفعل که میان مفتوح کرد گه رّا به تَبَاعَدَ :

يَتَبَاعَدُ فعلی مضارعه ئه صله که ی تباعد بو یه حه رفی

مضارع بو زیادمان کرد له ئه وه لیه وه به مفتوحی وه لام

الفعل که مان مرفوع کرد گه را به يَتَبَاعَدُ

تباعدا مصده ره ئه صله که ی تباعد بو عین الفعل که مان

مضموم کرد وه تنوین علامه تی مصده ر بو الحاقمان کرد به آخریه وه

گه را به تباعُدًا . ئه م بابه بابی تفاعُله قاعده ی بابی

تفاعل ئه مه یه هه ر فعلی ثلاثی مزید فیه بێ وه ماضیه که ی

پێنج حه رفی وه له ئه وه لیه وه تی زائده بێ وه ماضیه که ی

لە سەر وەزنی تفاعل بێ وە مضارعەکەی لە سەر وەزنی یتفاعلی

ئەوە لەم بابەیە وەکو تبارك یتبارك تبارکا وتدارك یتدارك

تدارکا ڕەوینەی ئەمانە :

بزانن بو بابی تفاعلیش قاعدەلی هەیە عبارەتە لەمە هەرکاتی

فاءالفعلەکەی حەرفی بێ لەحروفی ببیت) دروستە قولبی تی زائدەکە

بکەی بە مثلی فاءالفعلەکە وەکو اِثّاقَلَ یثّاقَلَ اثّاقُلاً

اثّاقل فعلی ماضیە ئەصلەکەی تثقل بو وەکو حسن هاتین

لە ئەوەلیە وە بە تی زائدەی مفتوحە دەبە ئەلفی لە بەینی

فاءالفعل وەعین الفعلەکە یا گەرا بە تثاقل جا لە بەر

ئەوەکە فاءالفعلەکەی حەرفی بو لە حروفی ببیت قەلبی تی زائدەکرا

بەثی گەرا بە ثثاقل جا اجتماع المثلین پە یدابو هاتین

حەرفی حەرەکەی مثلی ئەوەلمان کرد وە ادغاممان کرد لە مثلی

ثانی دا ئەم جار ابتدا بە ساکن ڕوی دا ئەولیش زەحمەتی

هاتین لە ئەوەلیە وە بە همزەی وەصلی مکسورە گەرا بە اثّاقل

یثّاقل فعلی مضارعە ئەصلەکەی اثاقل بو یە حرفی مضارع

زیادمان کردلە ئەوەلیەوە بە مفتوحی وە لام الفعلەکەمان

موضوع کرد گەڕا بە یثاقل ، إثّاقلا مصدەرە ئەصلەکەی

إثّاقلَ بو عین الفعلەکەمان مضموم کرد وە تنوین علامەتی

مصدەرە بو الحاقمان کرد بە آخریەوە گەڕا بە إثّاقلاً

مثالی موزون إثّاقلَ یثّاقل مثالی میزان تفاعَلَ یتفاعَلُ

یانی ئەوحەرفی تی کە لە موزونەکەدا لە باتی حەرفی تی

دونوختەهینراوە ئەوە لە میزانەکەدا بەحەرفی تی

دونوختە تعبیری لەدریتەوە بو ئەوەی بزانری

کە ئەصلەکەی تی ی دونوختە بووە :

(وامّا اوّله الهمزة) عطفە لەسەر قولی مصنف کە فەرموی

اما اوّله التاء وآته یا ئەو ثلاثی مزید فیه پینج حەرفی یە لە

ئەوەلیەوە هەمزەی وەصلی مکسورە ئەبی (مثل الفعل)

جا مثالی فعلی ثلاثی مزید فیه وەها کە ماضیەکەی پینج حەرفی بی

وە لە ئەوەلیەوە هەمزەی وصلی مکسورە بی وە لەسەر وەزنی

انفعل بی (نحو انقطع ینقطع إنقطاعاً) القطع إ ماضیه

ئەصلەکەی قطع بو وەکو مَنَع هاتبێ لەئەوەلیەوە بە
هەمزەی وەصلی مکسورە جائو نیکی زائدەی ساکنە گەڕا
بە انقطع ، ینقطع فعلی مضارعە ئەصلەکەی
انقطع بو یە حەرفی مضارع بو لەئەوەلیەوە زیادمان
کرد بە ساکنی وە عین الفعلەکەمان مکسور کرد وە لام الفعلمان
مرفوع کرد گەڕا بە یَنقَطِعُ ، اِنقِطاعًا مصدەرە ئەصلەکەی
انقطع بو ئەلف الفعلمان مکسور کرد وە هاتین بە ئەلفی لە بەینی
عین الفعل وە لام الفعلەکەیا وە تنوینی علامەتی مصدور بو
الحاقمان کرد بە آخریەوە گەڕا بە اِنقِطاعًا . ئەم بابە بابی
انفعالە وە قاعدەی بابی انفعال ئەمەیە هەر فعلیکی
ثلاثی مزید فیە ماضیەکەی پینج حەرفی بوە لەئەوەلیە وە
هەمزەی وەصلی مکسوری بێ وە لەسەر وەزنی انفعل بێ
ئەوە لەبابی انفعالە وەکو انحصر ینحصر انحصارا وانعزل
ینعزل انعزالا لەسەر وەزنی انفعل ینفعل انفعالا
بزانن ئەم بابی انفعالە قاعدەیکی هەیە عبارەتە لەمە

هەروەها حتى فاء الفعلەکەی حەرفێ بێ لە حروفی (اَیْرَمْلُونْ)
دروستە قەلبی نونەزائدەکە بکەی بە وێنەی ئەو فاء
الفعلە وەکو اِرَّحَمَ یَرَّحِمُ اِرِّحاماً ، ارّحم فعلی ماضیە
ئەصلەکەی رحم بوە وەکو علم هاتێ لە ئەولیە وە بە
هەمزەی وەصلی مکسورە وە نونێکی زائدەی ساکنە وە
عین الفعلەکەمان مفتوح کرد گەڕا بە انرحم جا لەبەر ئەوە
فاء الفعلەکەی حەرفێ بو لە حروفی (یرملون) قەلبی
نونەکەمان کرد بە رێ وە ادغامان کرد لە رێ ئەصلیەکە دا
گەڕا بە اِرّحم ،
(یَرَّحِمُ) فعلی مضارعە ئەصلەکەی ارّحم بو یە حرفی
مضارع بو لە ئەوەلیەوە زیادمان کرد بە مفتوحی وە عین
الفعلەکەمان مکسور کرد گەڕا بە یَرَّحِمُ
(اِرِّحاماً) مصدەرە ئەصلەکەی اِرّحم بو فاء الفعلەکەمان
مکسور کرد وە هاتین بە ئەلفێ لە بەینی عین الفعل وە
لام الفعلەکەیا وە تنوین علامەتی مصدەر لەوا الحاق کرد با

آخریەوە گەڕا بە ارحاما   مثالی موزون ارحم یرحم

مثالی میزانات انفعل ینفعل یانی ئەوحەرفی دی کە

لە موزونەکەدا لە پاش نونە زائدەکە هینراوە ئەوە

لە میزانەکەدا تعبیر لە دریتەوە بە نون بوئەوە برانری

ئەو حەرفی زی لە ئەصلا نون بوە :

وافتعل عطفە لەسەر قەولی مصنف فەرموی انفعل

مثالی فعلی ثلاثی مزید فیە کە ماضیەکەی پینج حەرفی بی وە

لە ئەوەلیەوە هەمزەی وەصلی مکسورە بی وە لە پاش

فاءالفعلەکەیەوە تی زائدەی مفتوحە بی وە لەسەر

وەزنی افتعل بی رلحو اجتمع یجتمع اجتماعا) اجتمع فعل

ماضیە ئەصلەکەی جمع بو وەکو منع هاتین لە ئەولیەوە

بە همزەی وەصلی مکسورە وە فاءالفعلەکە مان ساکن کرد

وە هانین بە تی زائدەی مفتوحە لە بەینی فاءالفعل وە

عین الفعلەکەیە گەڕا بە اجتمع :

یجتمع فعلی مضارعە ئەصلەکەی اجتمع بو بە حەرفی مضارع بو

زیادمان کرد لە ئەوەلیەوە بە مفتوحی وەعین الفعلەکەمان

مکسورکرد وەلام الفعلەکەمان مرفوع کرد گەڕا بە یجتمع ...

اجتماعاً مصدەرە ئەصلەکەی اجتمع بو هاتین تی زائدەکەمان

مکسورکرد وە ئەلفیکمان زیادکرد لە بەینی عین الفعل وە

لام الفعلەکە یا وە تنوین علامەتی مصدەر بو الحاقمان کرد

بە آخرەکەیەوە گەڕا بە اجتماعاً . ئەم بابە بابی افتعالە

قاعدەی بابی افتعال ئەمەیە هەرفعلی ثلاثی مزید فیە بجـ

ماضیەکەی پینج حەرفی بێ وە لە ئەوەلیەوە هەمزەی وەصلی

مکسورە بێ وە تی مفتوحە زیاد بکری لە بەینی فاء الفعل

وەعین الفعلەکە یا ئەوە لە بابی افتعالە وەکو اقترب

یقترب اقترابا وافترق یفترق افتراقا وەوینەی ئەمانە

جا بزانن لە بو ئەم بابی افتعالە دو قاعدە هەیە یەکەم ئەمەیە

هەروەختی فاء الفعلەکەی حەرفی بێ لە حروفی (زبیت)

دروستە قەلبی تی زائدەکە بکەی بە مثلی فاء الفعلەکە

دوهەم ئەمەیە هەروەختی عین الفعلەکەی حەرفی بێ لە وانە

دروستە قەلبی تی زائدە کە بە مثلی عین الفعلە کەی

جا مثالی قاعدەی یەکەم وەکو إِسْتَمَعَ يَسْتَمِعُ إِسْتِماعاً .

اِسْتَمَعَ فعلی ماضیە ئەصلەکەی سمع بو وەکو علم هاتێ

لەئەوەلیە وە بە هەمزەی وەصلی مکسورە فاءالفعلی

ساکن کرد وەهاتێ بە تی زائدەی مفتوحە لە بەینی

فاءالفعل وە عین الفعلەکەیا گەڕا بە إِسْتَمَعَ وە

لەبەرئەوە کە فاءالفعلەکەی حەرفی بو لە حروفی

بیت قەلبی تی زائدەکەمان کرد بە سین وەسینمان

دەغم کرد لە سینا گەڕا بە اِسَّمَعَ يَسَّمَعُ فعلی مضارعە

ئەصلەکەی اِسَّمَعَ بو یە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد

لە ئەوەلیە وە بە مفتوحی عین الفعلەکەمان مکسور

کرد وە لام الفعلەکەمان مرفوع کرد گەڕا بە يَسَّمِعُ . اِسَّماعاً

مصدرە ئەصلەکەی اِسَّمَعَ بو فاءالفعلەکەمان

مکسورکرد وە هاتێ بە ئەلفی لە بەینی عین الفعل وە

لام الفعلەکەیا وە تنوین علامەتی مصدر بو الحاقمان کرد

بەآخرەکەیەوەگەرابە اسّماعاً مثالی موزون إسّمَعَ لیَسّمع
مثالی میزان افتعل یفتعل یانی ئەوسینەکەلە بۆەلی
تی زائدەکەدا ھاتوە بەتی تعبیر ئەدریتەوە لەبیدا نا
ئەکە بەسین تابزانن ئەصلەکەی تی بوە ..
مثالی قاعدەی دوەم إخَصَّمَ یخِصّم اخصاما ئەصلی
إختَصَم خَصَم بو وەکو ضرب ھاتیێ لەئەوەلیەوە بە
ھەمزەی وەصلی مکسورە وەفاءالفعلەکەمان ساکن
کرد وەھاتیێ بەتی زائدەی مفتوحە لەبەینی فاالفعل
وەعین الفعلەکە یاگەرابە إختصم جالەبەرئەوەکە
عین الفعلەکەی حەرفێ بو لەحروفی (ثبیت) تەلبی تی زائدە
کەمان کرد بەوینەی عین الفعلەکەی کەرا بە إخصَصَم
جالەبەرئەوە اجتماع المثلین ھاتەجی وەاجتماع المثلین
ثقیل بو ئەقلی حەرەکەی صادی ئەوەلمان کرد بولای فاءالفعلە کە
وەصادمان دەغم کرد لەصادا گەرا بە إخَصَّم :
یخصم فعلی مضارعە ئەصلەکەی اخصم بو یە حەرفی مضارع بو

زیادیان کرد لە ئەوەلیەوە بە مفتوحی وە عین الفعلەکەمان

مکسورکرد وە لام الفعلەکەمان مرفوع کرد گەرا بە یَخْتَصِمُ

اختصاما مصدەرە لە صلەکەی اختصم بو فاء الفعلەکەمان

مکسورکرد وە هاتین بە ئەلفیکی زائدە لە بەینی عین الفعل

وە لام الفعلەکەیا تنوین علامەتی مصدەر بو الحاقمان کرد

بە آخریەوە گەرا بە اختصامًا :

مثالی موزون اختصم یختصم مثالی میزان اِفتعل یَفتعل :

یانی ئە وصادەکە لە موزونەکەدا لە باتی تی زائدە هاتوە

لە میزانەکەیا تعبیر لە دربنە وە بە مبدل منەکە تی یە

ئەکە بە بەوە لەکەی کەصادە : تا بزانین ئەصلی ئەو

صادە تی بوە :

بزانن لە اختصم دا چوار لوغەت هاتوە بونو ئە بونی

هەمزەی وەصل لەگەل فتحە وکسرەی فاء الفعلەکەیا ..

وەکو ئەلبێت اِخَصَّمَ اِخِصَّمَ خَصَّمَ خِصَّمَ :

هەروا لە مضارعەکەیشیا چوار لوغەت هاتوە : یەکەم

یەکەم فتحەی حەرفی مضارع لەگەل فتحەی فاء الفعل وەکسرەی عین الفعلە کە یا دووەم فتحەی حەرفی مضارع لەگەل کسرەی فاء الفعل وە فتحەی عین الفعلە کە یا سەهەم کسرەی حەرفی مضارع لەگەل فتحەی فاء الفعل وەکسرەی عین الفعل دا چوارەم کسرەی حەرفی مضارع لەگەل کسرەی فاء الفعل وە عین الفعل دا وەکو ئەلێی یَخَصِّمُ یَخِصِّمُ یِخَصِّمُ یِخِصِّمُ . هەروا لە مصدەرەی ئەمانەدا چوار لوغەت هەیە بونی ئەبونی هەمزەکە لەگەل فتحە وکسرەی فاء الفعل دا نحو اِخَصّاماً اِخِصّاماً خَصّاماً خِصّاماً :

واِفعَلّ عطفە لەسەر قەولی مصنف کە فەرمووی انفعل مثالی فعلی ثلاثی مزیدفیە ماضیە کەی لەسەر پێنج حەرف بێ وە لەئەوەلیەوە هەمزەی وەصلی مکسورە بێ وە لەسەر وەزنی افعَلَّ بێ بە تکراری لام الفعل نحو اِحمَرَّ یَحمَرُّ اِحمِراراً ، احمَرَّ فعلی ماضیە ، مثلەکەی

حَمُرَ بو وەکو حسن هاتین لەلەوەلیەوە بە هەمزەی وەصلی

مکسورە فاء الفعلەکەمان ساکن کرد وە عین الفعلەکەمان

مفتوح کرد وەلام الفعلەکەمان تکرار کردەوە گەرا بە

إحْمَرَرَ جا لەبەر ئەوە اجتماع المثلین گران بو لەسەر زمانا

حەرفی حەرەکەی مثلی لەوەلمان کرد وە ادغاممان کرد لە مثلی

دوەما گەرا بە إحْمَرَّ يحمرّ فعلی مضارعە لە صلەکەی

احمرّ بو یە حەرفی مضارع بو لەلەوەلیەوە زیادمان کرد

بە مفتوحی وەلام الفعلەکەمان مرفوع کرد گەڕا بە يَحْمَرّ

احمرارا مصدرە لەصلەکەی إحمرّ بو عین الفعلەکەمان

مکسور کرد وەفەکی ادغامەکەمان کردەوە وەهاتین بە

ئەلفی لەبەینی هەردو مکرەرەکەدا وە تنوین علامەتی مصدەر زید

الحاقمان کرد بە آخریەوە گەڕا بە إحمرارًا :

ئەمما بە بابی إفعلاله قاعدەی بابی الحلال ئەمەیە هەر

فعلی کە ثلاثی مزید فیه بی وە ماضیەکەی لەسەر پێنج حەرف بێ

وە لەلەوەلیەوە هەمزەی وەصلی مکسورە بێ وەلام الفعل

مکور وە مدغم بێ لەوە لە بابی افعلاله وەکو اِصْفَارَّ یَصْفَارُّ اِصْفِیراراً واِخْضَارَّ یَخْضَارُّ اِخضِراراً وەوینە ئەمانە.. لە سەر وەزنی اِفْعَالَّ یَفْعَالُّ اِفعلالاً ...

(القسم الثالث مالان ماضیه علی ستة أحرف) قسمی ٣هەم

لە سێ قسمەی ثلاثی مزید فیه لەوەیە کە ماضیەکەی لە سەر شەش حەرف بێ سە حەرف لە صلی وە سە حەرف زیادە

(مثل استفعل) وەکوئە و فعلە ماضیانە کە لە سەر وەزنی استفعل بێ بە زیادەی هەمزە و سین و تی لە لەوەلیەوە

(نحو استخرج یستخرج استخراجاً) استخرج فعلی ماضیه لە صلەکەی خرج بو وەکو نَصَرَ هاتبێ لەئەوەلیەوە بە هەمزەی وەصلی مکسورە وە سینیکی ساکن وە تیبیکی مفتوح و فاء الفعله کەمان ساکن کرد گەرا بە استخرج و

یَسْتَخْرِجُ فعلی مضارعە ئە صلەکەی اِسْتَخْرَجَ بو یە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد لە ئەوەلیەوە بە مفتوحی وە عین الفعله کەمان مکسور کرد وە لام الفعله .. مرفوع کرد

گەرا بە یَستخرِج ، استخراجا مصدەرە ئەصلەکەی

استخرج بو تی زائدە کەمان مکسورکرد وەهاتین

بە ئەلفی لەبەینی عین الفعل وەلام الفعلەکەیا وە

تنوین علامەتی مصدەر بو الحاقمان کرد بە آخریە وە

گەرا بە استخراجًا ، ئەم بابە بابی استفعالە وەقاعدەی

بابی استفعال وایە هەر فعلی ثلاثی مزید فیە بی وە

ماضیەکەی شەش حەرف بی وە هەمزەی وەصل وەسین

وەتی مفتوحە زیاد بکری لە ئەوەلیە وە ئەوەلە بابی

استفعالە نحو استکمل یستکمل استکمالا واستحصل یستحصل

استحصالا لەسەر وەزنی استفعل یستفعل استفعالا ..

(وافعالّ) عطفە لەسەر قەولی مصنف کە فەرموی

استفعل مثالی فعلی ثلاثی مزید فیە کە ماضیەکەی شەش

حەرف وە لەسەر وەزنی (افعالّ) بی نحو احمارّ یحمارّ

احمیرارًا ، احمارّ فعلی ماضیە ئەصلەکەی حمر بو وەکو

حَسُنَ هاتین لە ئەوەلیە وە بە هەمزەی وەصلی مکسورە

فاء الفعله كه مان ساكن كرد وه هاتين به ئه لفى له به ينى

عين الفعل وه لام الفعله كه يا وه لام الفعله كه مان :

مكسور كرد كه را به احمارر جا اجتماع المثلين حاصل بو

وه له به ر دفعى ئه وه حذفى حه ره كه ى مثلى ئه وه لمان

كرد وه وه ادغمان كرد له مثلى ثانى دا كه را به إحمارّ :

يَحْمارُّ فعلى مضارعه ئه صله كه ى احمارّ بو يه حه رفى

مضارع بو زيادمان كرد له ئه وه ليه وه به مفتوحى

وه لام الفعله كه مان مرفوع كرد كه را به يَحْمَارُّ ..

كه مان

إحميراراً مصده ره ئه صله كه ى احمارّ بو جا عين الفعله

مكسور كرد وه ئه لف ساكن ما قبل مكسور قه لبمان كرد به يه

وه فه كّى ادغامه كه مان كرده وه وه ئه لفيكما ن زيادكرد

له به ينى هه ردو مكرره كه دا تنوين علامتى مصده ر

بو الحاقمان كرد به آخريه وه كه را به احميراراً

ئه م بابه بابى افعيلاله وه قاعده ى بابى افعيلال ئه وه يه

هه رفعلى ثلاثى مزيد فيه بى وه ماضيه كه ى له سه ر شش حه رفى بى

وە لە سەر وەزنی افعالّ بێ ئەوە لەم بابە یە وەکو ئەلّیٔ

اصفارّ یصفارّ اصفیراراً وَ اسوادّ یَسوادّ ÷

اسویداداً : لە سەر وەزنی افعالّ یفعالّ افعیلالا ∴

وا فعوعل ، عەطفە لە سەر قەولی مصنف کە فەرمووی

فعالّ مثالی فعلی ثلاثی مزید فیە ماضیە کە ی شەش حەرفی

وە لە سەر وەزنی افعوعل بێ (نحو اعشوشب یعشوشب

اعشیشابا) اعشوشب فعلی ماضیە ئەصلەکەی عشبَ بو

وەکو حسن حەساتین لە ئەوەلیەوە بە هەمزەی وەصلی مکسور

فاء الفعلەکەمان ساکن کرد عین الفعلەکەمان مفتوح مکرر

کرد وە هاتین بە واویکی زائدەی ساکنە لە بەینی هەردو مکررە کانا

گەڕا بە اعشوشب ، یعشوشب فعلی مضارعە ئەصلە کەی

اعشوشب بو یە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد لەئەوە لەوە

بە مفتوحی وە شینی ثانیمان مکسور کرد لام الفعلەکەمان

رفع کرد گەڕا بە یعشوشب . اعشیشابا مصدرە و

ئەصلەکەی اعشوشب بو عین الفعلەکەمان مکسور کرد

وه فه‌لبی واوه‌که‌مان کرد به یه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وه‌که ساکن بو وه

ما قبله‌ی مکسور بو ، وه هاتین به ئه‌لفی له‌به‌ینی شینه

ثانیه‌که و لام الفعله‌که یا وه تنوین علامه‌تی مصده‌ر بو

الحاقمان کرد به آخریه وه گه‌را به اعشیشابًا :

ئه‌م بابه بابی افعیعاله قاعده‌ی بابی افعیعال ئه‌مه‌یه هه‌ر

فعلی ثلاثی مزید فیه بی ماضیه‌که‌ی شه‌ش حه‌رف بی وه له

سه‌ر وه‌زنی افعوعل بی ئه‌وه له و بابه‌یه نحو اخشوشن

یخشوشن اخشیشانا واحدودب یحدودب احدیدابًا

له سه‌ر وه‌زنی افعوعل یفعوعل افعیعالا :

(وافعوّل) عطفه له سه‌ر قه‌ولی مصنف که فه‌رموی افعوعل

جا مثالی فعلی ثلاثی مزید فیه ماضیه‌که‌ی شه‌ش حه‌رف بی وه‌له

سه‌ر وه‌زنی افعوّل بی (نحو اجلوّذ یجلوّذ اجلوّاذا)

اجلوّذ فعلی ماضیه ئه‌صله‌که‌ی جلذ بو وه‌کو ضرب هاتین

له ئه‌وه‌لیه‌وه به هه‌مزه‌ی وه‌صلی مکسوره فاء الفعله‌که‌مان

ساکن کرد وه هاتین به واویکی مشدده‌ی زائده‌ی مفتوحه

لە بەینی عین الفعل وەلام الفعلەکە یاگەڕا بە اجلوّز

إِجْلَوِّز فعلی مضارعە لە صلەکەی اجلوزلو یە حەرفی

مضارع بو زیادمان کرد لە لە وە لیە وە بە مفتوحی

وە واو وە مشددە زیادەکەمان مکسورکرد وەلام

الفعلەکەمان مرفوع کرد گەڕا بە یَجْلَوِّز ...

إِجْلِوّازا مصدەرە لە صلەکەی اجلوز بو هاتین

عین الفعلەکەمان مکسورکرد وە لە لفیکان زیاد کرد

لەبەینی واوەکەو لام الفعلەکە یا وە تنوین علامتی

مصدەر بو الحاقمان کرد بە آخریەوە کەڕا بە اجلوّازا

ئەم بابە بابی افعوّاله قاعدەی بابی افعوال ئەمەیە هەمُ

فعلی ثلاثی مزید فیە بی وە ماضیەکەی شەش حەرف بی

وە لە سەر وەزنی افعوّل بی ئەوە لەو بابەیە

وا فعلل عطفە لە سەر قەولی مصنف کە فەرموی

افعول ما مثالی فعلی ثلاثی مزید فیە ماضیەکەی شەش

حەرف بی وە لە سەر وەزنی افعلل بی لەوا قعنسس

يَقْعَنْسِسُ إِقْعِنْسَاسًا اقعنسس فعلی ماضيه ئەصلەكەی

قعس بو وەكو سأل هاتين لە ئەوەليەوە بە هەمزەی

وەصلی مكسورە فاء الفعلەكەمان ساكن كرد وە هاتين بە

نونێكی زائدەی ساكنە لە بەينی عين الفعل و لام الفعل يا

وە لام الفعلەكەمان مكرر كرد گەرا بە اقعنسس :

يقعنسس فعلی مُضارِعە أصلەكەی اقعنسس بو يە حەرفی

مضارع بو زيادمان كرد لە ئەوەليەوە بە مفتوحی وەسينی أوّلمان

مكسور كرد وە سينی ثانيمان مرفوع كرد گەرا بە يقعنسس : ؛

إِقْعِنْسَاسًا مصدەرە ئەصلەكەی اقعنسس بو عين الفعلمان

مكسور كرد وە هاتين بە ئەلفی لە بەينی هەردو سينەكەدا وە

تنوين علامەتی مصدەر بو الحاقمان كرد بە آخريەوە گەرا بە اقعنساسًا

ئەم بابە باب افعنلاله قاعدەی باب افعنلال ئەمەيە هەر فعل

ثلاثی مزيد فيه بی ماضيەكەی شەش حەرف بی وە لەسەر وەزنی

افعنلال بی ئەو لەم بابەيە :

(وافعنلی) عطفە لەسەر قەولی مصنف كە فەرمو افعنلل

مثالی فعلی ثلاثی مزید فیه کە ماضیه کەی شەش حەرفی بێ وە

لە سەرەوە رنی افعنلی بێ (نحو اِسْلَنقَی یَسْلَنقِی اِسلِنقاءً)

اسلنقی فعلی ماضیە لە صلەکەی سلق بو وەکو ضرب

هانیتی لەلە وەلیە وە بە هەمزەی وەصلی مکسورە وە فاء

الفعلە کەمان ساکن کرد وە هانیت بە نونیکی ساکنە لە

بەینی عین الفعل وە لام الفعلەکەیا وە بە یائیکی مفتوحە

لە آخریە وە گەرا بە اِسْلَنْقَی جا یا متحرک وە ما قەبلی

مفتوح بو قەلبمان کرد بە ئەلف گەرا بە اِسلَنقی

یَسْلَنقِی فعلی مضارعە لەصلەکەی اسلنقی بو یە حەرفی

مضارع بو لەلە وەلیەوە زیادمان کرد بە مفتوحی ولام الفعلمان

مکسور کرد وە ئەلفەکەمان گیرایە وە بو سەرئەصلەکەی کە یەبو

بە مەرفوعی دە لە بەرئەوە کە ضمە لە سەر یە ثقیل بو حەزفی

ضمەکەمان کرد گەرا بە یسلنقی : اِسلِنقاءً مصدەرە وە

لە صلەکەی اسلنقی بو عین الفعلەکەمان مکسور کرد وە

هانیت بە ئەلفی لە بەینی لام الفعل وە یە زائدە کە داگەرا بە

اِسْلِنقاباً يە واقع لە پاشی ئەلفی زائدە وە قَلْبمان کرد

بە هەمزە لەڕا بە اِسلِنقاءً ئەم بابە بابی افعنلاءە

وە قاعدەی بابی افعنلاء ئەمەیە هەر فعلی ثلاثی مزیدفیە بی

وە ماضیە کەی شەش حەرفی بی وە لەسەر وەزنی اِفْعَنْلَی

بی ئەوە لەو بابە یە ...

جا لە کاتی کا مُصَنِّف رزگار بو لە باسی ثلاثی مزید فیە دەستی کرا

بە باسی رباعی مزیدفیە وە فەرموی (وَاَمَّا الرّباعی المزیدُ فیه

فَاَمثِلَتُه ثلاثة) واتە نەوعی فعلی چوار حەرفی کە زیادە

هاتبیە ناوی وە سە (مثال) وینەی هەیە (تَفَعْلَلَ

ئەوەل لەو مثالانە لەسەر وەزنی تفعلل یە واتە کە تی

زائدەی لە ئەوەلەوە هەیە (کتَدَحْرَجَ یَتَدَحْرَجُ تَدَحْرُجاً

تدحرج فعلی ماضی یە ئەصلەکەی دحرج بو هاتین لە ئەوەلیەوە

بە تییکی زائدەی مفتوحە گەڕا بە تَدَحْرَجَ ..

یَتَدَحْرَجُ فعلی مضارعە ئەصلەکەی تَدَحْرَجَ بو یە حەرفی

مضارع بو لە ئەوەلیەوە زیادمان کرد بە مفتوحی و لام الفعل مان

مرفوع کرد گەرا بە یتدحرج تَدَحْرُجًا مصدەرە ئەصلەکەی

تَدَحْرُجٌ بو لام الفعلی ئەوەلان مضموم کرد تنوین ع لام تی مصدەر

بو الحاقان کرد بە آخریە وە گەرا بە تَدَحْرُجًا . ئەم بابە بابی

تفعلل ە وە قاعدەی بابی تفعلل ئەمەیە هەر فعلی رباعی

مزیدفیە وە ماضیەکەی لەسەر پێنج حەرفی بێ وە لە ئەوەلیە

تی زائدەی مفتوحە بێ وە لەسەر وەزنی تفعلل ئەوە لەو

بابەیە . وافعنلال عطفە لەسەر تەفعلل مصنف کەوتووە

تفعلل مثالی فعلی رباعی مزید فیە کە ماضیە شەش حەرفی چوار

ئەصلی وە دوی زیادە وە لەسەر وەزنی افعنلال لەو اِحْرَنْجَمَ

یَحْرَنْجِمُ اِحْرِنْجَامًا حرنجم فعلی ماضیە ئەصلەکەی حَرْجَمَ بو

هاتین لە ئەوەلیە . بە هەمزەی وەصلی مکسورە فاء الفعلیان

ساکن کرد عین . عملیان مفتوح کرد وە هاتین بە نونێکی

زائدەی ساکن . لە بەینی عین الفعل وە لام الفعلی ئەوەلیا

گەرا بە اِ رنجم . یَحْرَنْجِمُ فعلی مضارعە ئەصلەکەی

احرنجم بو یە حەرفی مضارع بو زیادمان کرد لە ئەوەلیەوە

بە مفتوحی وە لام الفعلی ئەوەلیان مکسور کرد وە لام الفعل

ثانیان مرفوع کرد گەرا بە یحرنجم احرنجاما مصدرە وە

ئەصلەکەی احرنجم بو عین الفعلەکەیان مکسور کرد وە

ھاتنی بە ئەلفی لە بەینی ھەردو لام الفعلەکە یا وە

تنوینی عەلامەتی مەصدەر بو الحاقیان کرد بە آخریە وە

گەرا بە احرنجاما ئەم بابە باب افعلالە قاعدەی

بابی افعلال ئەمەیە ھەر فعلی کە رباعی مزید فیە بی وە

ماضیەکەی شەش حەرف بی وە لەسەر وەزنی افعلل بی

ئەوەلە وبابەیە وا فعلل عطفە لەسەر قولی مصنف

کە فەرموی افعنلل مثالی فعلی رباعی مزید فیە ماضیەکەی لە

سەر شەش حەرف بی چواری ئەصلی وە دوی زیادە وە لە

سەر وەزنی افعلل بی نحو اقشعر یقشعر اقشعرارا گا

اقشعر فعلی ماضیە ئەصلەکەی قشعر بو ھاتین

لە ئەوەلیە وە بە ھەمزەی وەصلی مکسورە فاء الفعلەکەیان

ساکن کرد وە عین الفعلەکەیان مفتوح کرد وە لام الفعل

ثانیمان مکرر کرد گەرا بە اِقْشَعَرَّ جا اجتماع المثلین

پەیدا بو وە ئەو یشە گران بو لەسەر زمان ھاتین نقلی

حەرەکەی مثلی ئەوەلمان کرد بولای ما قبلەکەی وە ادغامان

لە مثلی ثانی دا گەرا بە اِقْشَعَرَّ .

یَقْشَعِرُّ فعلی مضارعە ئەصلەکەی اِقْشَعَرَّ بو یەحرفی

مضارع بو لە ئەوەلیە وە زیادمان کرد بە مفتوحی

لام الفعلی ئەوەلمان مکسور کرد وە لام الفعلی ثانیمان مرفوع

کرد گەرا بە یَقْشَعِرُّ :

اِقْشِعْرَارًا مصدەرە ئەصلەکەی اِقْشَعَرَّ بو فاء

الفعلەکەمان مکسور کرد وە لام الفعل ئەوەلمان ساکن

کرد وە فەکی ادغامەکەمان کردەوە وە ئەلفیکمان زیاد

کرد لەبەینی ھەردو مکررەکەدا وە تنوین علامەتی مصدرە

بو الحاقمان کرد بەآخریەوە گەرا بە اِقْشِعْرَارًا

ئەم بابە بابی افعلالە قاعدەی ئەم بابە ئەوەیە ھەر فعلی

رباعی مزید فیھی وە ماضیەکەی شەش حرفی بی وە لەسەر وەزنی افعلالی

ئەوە لەو بابەیە وەکوا طمئن یطمأن اطمئنانا وەوینەکانا:

(تنبیە) بیدارکردنەوەی مامۆستایە بۆ شاگردەکانی بۆخاتری

ئەوە هەرچی ڕا بوردوە حازری بکەن لەلای خۆیان وەچاوەڕوان

بن بۆئەوەیشی لەخوێندنیە وە بۆیان (الفعل اما متعد) هەرچی

فعلە سەحەرفی یا چوارحەرفی مجرد یا مزید فیە (اما متعدٍ)

وهو الذی یتعدّی مِنَ الفاعِلِ الی المفعول بە یا فعلی

متعدی یە کە بەو فعلە ئەلێن مەعناکەی وەئەوکردەوەکە لەو

دەرئەکەوی نەچاوز بکا لە فاعلە وەیانی لە خاوەن کارەوە

بۆلای مفعول بە کە محلی ئەوکاردیە (کقولک ضربت زیدا) ئیستە

فعلی وەکو ضربت بە اعتباری ئەوکردەوەکە لێی دەرئەکەوی

تجاوزی کردوە لە خاوەن کارەکەوە وەکو بۆیێژلی بۆلای

مفعول بە کە ئێستا نە لێدرا وەکەیە وەکو زەید لێ: دیاریە

کە لێدان لێدەر وەلێدراوی ئەوی (ولیسمی واقعا ومجاوزا)

وەئەو فعلە کە تجاوزی کردوە بە اعتباری مەعناکەی لە فاعلەوە

بۆلای مفعول بە وەکو پێی وتراوە متعدی ناویشی براوە بە واقع

چونکی پاشی ئەوە صادر بو لە فاعلەوە واقع ئەبیتە سەر مفعول دە
ناوێشی ئەبری بە مجاوز چونکە تەجاوز ئەکا لە فاعلەوە بو سەر مفعول بە
(واما غیر متعد) عطفە لە سەر قولی مصنف کە فەرموی اما متعد
یانی یا فعل غیرە متعدی ئەبی (وهو الفعل الذی لم یتجاوز
الفاعل الی المفعول بە) واتە فعلی غیرە متعدی ئەوەیە کە
تجاوز نەکا وەلانەدا لە فاعلەوە بو سەر مفعول بە وەکوو
(حَسُنَ زید) ئەبینی ئەم فعلە بە اعتباری مەعناکەی کە حُسنە
تجاوز ناکا لە فاعلەکەوە کە زیدە بولای مفعول بە چونکی
جوانی صفەتیکە محتاج نیە بە غیری موصوفەکەی وەپیوستی نیە
بەلادان لە موصوفەوە بولای غیری ئەو (ویسمی لازماً وغیر واقع)
وە ئەم فعلە غیرە متعدیە ناوێشی ئەبری بە لازم لەبەرئەوە
لازمە بو فاعلەکەی وە لەجیانابیتەوە وە بە غیرە واقع چونکە
واقع نابیتە سەر مفعول بە ،

جا لەبەرئەوە فعلی لازم ئەبی بە متعدی بەچەن ئەسبابی مصنف
فەرموی (وتعدیه فی الثلاثی المجرد) یانی تو فعلی لازم ئەکەی

به متعدی له ثلاثی مجرّه‌دا (بتضعیف العین) به‌هوی تکرار کردنه‌وه‌ی عین الفعله‌که‌ی وه نقل کردنی بو بابی تفعیل (وبالهمزة) وه به هوی زیاد کردنی هه‌مزه‌ی قطعی مفتوحه له‌سه‌ر فعله وه نقل کردنی بو بابی إفعال جا مثالی فعلی ثلاثی مجردی لازم که بیکه‌ی به متعدی به هوی ته‌کراری عین الفعله‌که‌یه‌وه وه نقل کردنی بو بابی تفعیل (کقولک فَرَّحْتُ زیداً) یانی زه‌یدم دلخوش کرد ئه‌صله‌که‌ی فرح زید لازم بو ویستمان بیکه‌ین به متعدی عین الفعله‌که‌مان مفتوحو مکررو مدغم کرد زید فاعل بو کردمان به مفعول به وه ره‌فعه‌که‌مان گوری به نصبه تی ضمیری متحرک فاعل که بو متکلم وحده بو الحاقمان کرد به آخریه‌وه وه له‌به‌ر ئه‌وه ضمیری متحرک موجبی سکونی ما قبلی بو ما قبله‌که‌مان ساکن کرد که‌وترا به فَرَّحْتُ زیداً ئیسته فعلی وه‌کو فرحت له بابی تفعیل به اعتباری مه‌عناکه‌ی که تفریح وه دل خوش کردنه ته‌جاوه‌زی کردوه له فاعله‌که‌یه‌وه وه‌کو متکلم بو برلای مفعول به‌که زیده : (وَأَجْلَسْتُ) عطفه

لە سەر قەولی مصنف کە فەرموی (فرّحت زیدا) مثالی فعلی
ثلاثی مجرەدی لازم کە بیکەی بە متعدّی بە هوی نقل کردنی
بو بابی افعال وە زیادکردنی هەمزەی قطعی مفتوحەو
وەکو اَجْلَسْتە ئەصلەکەی جلس زید بو لازم لو وستمان
بیکەین بە متعدی نەقلمان کرد بو بابی افعال بەم جورە
هەمزەی قطعی مفتوحەمان لە لە وەلیەوە زیاد کرد وە فاء
الفعلمان ساکن کرد زید فاعل بو کردمان بە مفعول بە وە
رەفعەکەمان گوری بە نصبە وە تی ضمیری فاعلی متکلم
وحدە بو الحاقمان کرد بە آخریەوە وە ماقبلەکەمان ساکن
کرد گەرا بە اَجْلَسْتُە ئیستە فعلی وەکو اَجْلَسَ لی بە
اعتباری مەعناکەی کە دانیشاندنە تجاوزی کردوە لە
فاعلەکە وە کە ضمیری متکلمە بو لای مفعول بە

(والحرف الجرّ فی الکل) عەطفە لە سەر قەولی مصنف کە فەرمی
بالهمزة یانی فعلی لازم ئەکەی بە متعدّی بە هوی
داخل کردنی حەرفی جەرّ لە هەموئەو عی لە فعلی لازما

ثلاثی بێ یا رباعی مجرد بێ یا مزید فیه (نحو ذهبت بزید) یانی
زه یدم ڕه واند ئه صله که ی ذهب زید بو لازم بو
ولیستمان بیکه ین به متعدی زید فاعل بو کردمان به
مفعول به به هوی داخل کردنی حه رفی جر له سه ری
وه ضمیری متحرکی فاعلمان الحاق کرد به فعله که وه د ه
ما قبله که مان ساکن کرد گه را به ذهبت بزید
ئیسته ذهب بوه به متعدی له به رئه وه که به هوی
داخل کردنی حه رفی جه ر له سه ر زه ید مه عناکه ی که
ڕوشتن بو گوڕرا به ڕه واندن (وانطلقت به)
عطفه له سه ر قه ولی مصنف که فه رموی (ذهبت بزید)
ئه صله که ی انطلق زید بو وه لازم بو ولیستمان
بیکه ین به متعدی هاتین تی ضمیری متحرکی متکلم وحده مان
الحاق کرد پی یه وه وه آخره که مان ساکن کرد
وه زید فاعل بو کردمان به مفعول به به هوی حه رفی
جه ره که وه وه تبدیلمان کرد به ضمیری مستتر گه ڕا

به انطلقت به یانی زەیدم بەرەڵاکرد ئیستە انطلق ی

متعدی بەلێ بە اعتباری مەعناکەی وەکو اطلاق لێ

تجاوزی کردووە لە فاعلەکەوە کە متکلمە بولای مفعول بە

کە ضمیری منصوبەکەیە وەئەگەرنیە وە بورزویە ...

فصل فی امثلة تصریف هذه الافعال) ئەمە

فصلیکە دانراوە بو باسی لەوەمثالانە وەلەوەصیغانە

وەکو فعلی ماضی ومضارع وئەمرونەهی وەاسمی فاعل

وەاسمی مفعول وغیری ئەمانە کە پەیدا ئەبن لەگورانەی

مصادری ئەوفعلانە کە لەمەوبەر رابوران :

جالەبەرئەوەیەکەم شتی درووست بکری لەمصدەر فعلی

ماضیە مصنف باسی فعلی ماضی خستە پیشە وەوفرمووی

(امّا الماضی فهو ما دلّ علی معنًی وُجِدَ فی الزمانِ الماضی)

واتە فعلی ماضی کەیەکیکە لەومثالانە بە لفظی ئەلێی

دەلالەت بکا لە سەرمەعنایی کە پەیدا بوبێ لە زەمانی

رابوردوورا جالەبەرئەوەکە فعلی ماضی لەسەر دوبەشە

بەشی بینا فاعل وە بەشی بینا مفعول وە مصنف بەوجورە

باسی کردن وە فەرمووی (فالمبنی للفاعل منه) فعلی بنا

فاعل لە فعلی ماضی (ما کان اوله مفتوحا او اول متحرک

منه مفتوحا) ئەوەیە کە ئەوەل حەرف لەورا مفتوح

بی وە یا ئەوەل متحرکی معتبر لەوا مفتوح بی وە ئەمە

تعریف بو بو فعلی بینا فاعلی ماضی بە اعتباری لفظ کە

وەئەما بنا فاعل بە اعتباری معنی ئەوەیە کە ناوی

فاعلەکەی بداپی . جا مثالی ئەوبنا فاعلە کە ئەوەل

حەرف لەوا مفتوح بی (نحو قولک نصر) بو مفردی

